# باشووری کوردستان بەرتیلی داواکراوی تورکیایە لە ئەمریکا!!!

هشام ئاکرەیی

کاتێ ئەمریکا ڕێگای لە بەردەم هاتنی لەشکری تورکیا بۆ باشووری کوردستانی گرت، بە سەرکەوتنێکی سیاسی ژمێردرا و تا ڕادەیەک دڵنیایی دروست کرد لای کورد. سیاسەتمەدران و ڕاگەیاندنی تورکیا مەترسی خۆی دەربڕی لەوەی کورد ببێتە هاوپەیمانێکی تازەی ئەمریکا لە هاوکێشە سیاسی وسەربازیەکانی ناوچەکەدا و جێگای تورکیا لەق بکات لای ئەمریکا.

لایەنی کوردی لە نێوان دوو هەڵبژاردەی تاڵ بۆ. یەک، بەردەوام بوون لە سەر سیاسەتی کۆن و مانەوەی پەیوەندی ژێردەستانەلە گەڵ تورکیا و لەو حاڵەتەدا کورد هیچ دەسکەوتێکی نەدەبوو. دوو، هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی ئەمریکا بە بێ ئەوەی هێچ دەستکەوتێکی ئاشکرا لە ئەمریکا وەربگرێت و دەرگا ئاواڵەبێت بۆ ئەمریکا تەراتێن لە کوردستان بکات بەبێ مەرج.

ئەوەبوو لایەنی کوردی ئەمریکای هەڵبژارد و هێوای (کەسب) و ڕەزامەندی ئەمریکا بوو. چونکە بە ڕای زۆربەی سیاسەتمەداران ئەمریکا لە تورکیا باشترە بۆ کورد.

ئەوەی کورد تا وەکوو ئێستاش خۆی بۆ ئامادەنەکردوە، زانینی هۆی نەهێلانی ئەمریکایە بۆ هاتنی هێزەکانی لە شکری تورکیا بۆ هەموو کوردستان و عێراق. لە ڕاستیدا بەهەزاران سەربازی تورک لە باشووری کوردستان هەن. ئەمریکا تەنیا ڕێکای لە هاتنی ژمارەیەکی زیاتری سەربازی گرتوە. کاتێ کورد ئەو هۆیانەی زانی، دەشزانێت کە بە نەمانی ئەو هۆیانە جێگای تورکیا لای ئەمریکا باش ترو قایم تر دەبێت لە جاران.

هاتنی پارتی دادوەری و گەشەکردن بۆ سەر دەسەڵات لە تورکیا، گۆڕینێکی کەورەی دروستکرد لە ناو سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی تورکیا. لە ناوەڕۆکدا ئەو پارتە دەسەڵاتدارە، ئیسلامیە و هەوڵدەدات پاڵادەستی سەربازی لە دەسەڵاتدا کەم بکاتەوە لە تورکیا. هەروەها ئەم پارتە لە ڕۆی بیروباوەڕەوە، دوستی ئەمریکا نیە. ئەوە بۆ پەرلەمانی تورکیا ڕازی نەبوو لە سەر بەکارهێنانی خاکی تورکیا لە لایەن ئەمریکاوە بۆ هێرش کردنە سەر سەددام. بەمەش گورزێکی تر لە دەزگای سەربازی کەوت. ئەم ململانێ و هەڵوێستە، خەسارەتێکی ستراتیجی گەورەی لە تورکیادا و بوە هۆی بەهێز بوونی وەرەقەی کوردی لای ئەمریکا. بەگرتنی 11 سەربازی تورک لە شاری سلێمانی و داواکردنی کشانەوەی هەموو سەربازانی تورک لە باشووری کوروستان، هەرەشەکانی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا گەیشتنە لووتکە. سەرەتا تورکیا و پارتی ئیسلامی، کارتی یەکێتی ئەورووپایان بەگاریان هێنا و گوایە ئەورووپا هاوکاری تورکیا دەکات ئەگەر دوور لە پلانەکانی شەرخوازی ئەمریکا ڕاوەستێت. بەڵام داواکاریەکانی ئەورووپا قوس ترن لە هی ئەمریکا. بۆیە واپدەچێت تورکیا بگەڕێتەوە باوەشی گەرم و نەرمی ئەمریکا لە جیاتی باوەشی سارد و ڕەقی ئەورووپا.

تورکیا بە ڕێگای لەشکرەکەیەوە بەستراوە بە ئەمریکا و هەر بە ڕێگای ئەوەوەش دەگەڕێتەوە ئەو باوەشە. بە ڕای ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی تورکیا، دەسەڵاتی سیاسی نەیتوانیوە بەرژەندیەکانی تورکیا بپارێزێ. هەروەها یەکێتی ئەورووپا داوای موستەحیل دەکات لە تورکیا و دەیەوێت تورکیا لەت لەت بکات. ئەورووپا دەیەوێت تورکیا پا بەندی کریتێرەکانی کوپنهایگن بێت. بەڵام ئەمریکا تەنیا داوای دەرکردنی لێبوردنێک دەکات بۆ ئەندامانی (کادەک) . ئەمریکا دەستهێنانی ئەم دەسکاوتانە بە لەشکری تورکیا دەبەخشێت نەک بە حکومەتی تورکیا. ڕاستە ئەمریکا نایەوێت کوردیش بکەوێتە بەرەی دژی ئەمریکا بەڵام ئەگەر تورکیا وەک جاران ئامادەبێت بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بپارێزێت، ئەوە ئەمریکا تورکیا هەڵدەبژێرێت. چۆن ئەمریکا لەبەر ترسی لەدەستدانی تورکیا وەک هاوپەیمانێک، ئامادەیە زۆر

شت بۆ تورکیا بکات، دەبێ کوردیش ئەو کارتە بەکار بێتنێت. و ئاشکرا بکات بۆ ئەمریکا ئەگەر بەرژەوەندیەکانی منی کورد تێک دران هی تۆش پارێزراو نابن. هەموو ئەو وڵاتانە خەت و هێڵی سووریان هەیە، تەنیا ئێمەی کورد نەبێ. دەبێ هاتنی لەشکری تورکیا و دستوەردان لەکاروباری نێوخۆی باشووری کوردستان و فێدڕالیزم، دوو خاڵی سووری ئاسایشی نەتەوەی کورد بن و بە ئەمریکا ڕابگەیێنرێن. وا جارێکی تر تورکیا هەمان دواکاریەکانی جارانی خۆی، دایناوە بەردەم ئەمریکا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org